# چەند دێڕێک بۆ ئەوانەی مافمان دەخۆن

**قادر نادر**



ئەزمونی خەباتی چەند ساڵەی چاک ئەوەی نیشاندا، که ئەو ئەندامانەی کار بۆ ئەو دۆزە پیرۆزە دەکەن ، چاویان لەپاداشت نییە لە هیچ لایەنێکەوە ، بەڵکو ئەوەی پاڵپێوەنەری سەرەکیانە خەم ساردی تاوانباری دەسەلاتی کوردیە لەبەرامبەر دۆزی ئەنفال و هەلەبجەدایە ، بۆیە ئەم ڕێکخراوەش هەنگاوی بۆ دەهاوێژێ ، سەرەرای قورسی کارەکان ، نەبونی تواناکانی کارکردنی مادی و راگەیاندن ، کە پارتی و یەکێتی قورخیان کردوە بۆ خۆیان ، چونکە ئەوان ئەوەی گوێڕایەلیان نەبێت بێ بەشی دەکەن لە هەموو پێداویستی و دەستکەوتێک وەک ئەوەی دەسەڵات و داهاتەکەی تاپۆیە بۆ خۆیان .

هەموو ئەو دێرانەی دەینووسم وەک قادر نادر لێ ی بەرپرسم هیچ کەس و ناوەندی چاک هیچ بەرپرسیاریەتێکیان هەق نییە بخرێتە سەر . وە ئەوەی وای کرد ئەم چەند دێرە بەڕاشکاوانە باس بکەم ، بۆچەندین جارە ماندی بون و چالاکیەکانمان دەکەنە موڵکی خۆیان خۆشیان دەکەنە قارەمان ، کارو چالاکیەکانی چاک دەشوێنرێت ، هەقی خۆی پێ نادرێت ...

ڕۆژی 5/6 /2007 لە یەکێک لە هۆلەکانی پەرلەمانی سوێدی 5 پارتی سیاسی سوێدی و چەندین ئەکادیمیستی کوردی و کەسایەتی کوردی کۆنفرانسیکیان سازکرد کە بە دە ستبیشخە ری چاک سویدو پارتی چەپی سوێدی بوو ، 2 پارت ئامادەیان دەربر ی کە ئەم باسە لە پایزدا ببەنە ناو پەڕلەمانی سوێدی ، 2 پارتی تریش جگە لە دانپیانانیان بە ناساندنی ئەنفال جینۆسایدە لە پەیوەندیەکانی ئێمەشدا لەگەلیان وتیان ئێمەش ئاگاداری پارتمان لەو بارەوە دەکەین کە چی بۆ بکەین.

بۆ ئەوەم نییە کە بەندە یەکێکم لەو ئەندامانەی چاک سوێد ، وەلێ ئەگەر لە 19 سالی رابردودا دەستکەوتێک و هەنگاوێک لەوە باشتر بۆ دۆزی ئەنفال کراوە با پێمان رابگەیەنێن؟ دیارە لە دۆزی فرانس ئەنرانتدا راستە وەک سەرەتا دان بەوە نرا کە ئەنفال جینۆسایدە، وەلێ بەداخەوە لە تێ هەلچونەکە یدا ئەو سەرکەوتنە وەک خۆی نە مایەوە و کالکرایە وە .

پێم وایە کارەکی لەم شێوە پێویستی دەکرد هەندێ قسەی لەسەر بکرێت و ببێتە هەوالێک لە بری دیدارو چاوپێکەوتنە بەردەوام و نەگۆرەکانی مامەو کاکە لە کوردسات و کوردستان تێڤێ کە بەردەوام وێنەی دیکتاتۆریەتمان بەبیر دەخاتەوە ، یان ئەوەتا ئەو ڕۆژنامەو رادیۆ و کەنالانەی کە خۆیان پێ خەم خۆری مەسەلەی ئەنفالە و سەرنووسەرەکانیان خەلکی ناوچە ئەنفالکراو و یان رەخنە گری دەسەلاتن کە زۆر جار خۆمان پەیوەندیان پێوە دەکەین هەواڵەکانیشیان دەدەینێ ، کە چی نە بلاوی

دەکەنەوە نە بەدوا چونیش دەکەن ، بەبیانوی ئەوەی لەشوێنی تر بلاو بۆتەوە، کە چی هەوالێکی لە چەشنی تەقە لە بەرپرسێک ، هێنانی کۆمەلێک نەعامە، سێکسی کوردێک لە بەریتانیا لەگەل مەڕێک ، 3 هونەرمەندی کورد تلیاکیان لێ گیراوە .....کە دەیان نمونەی تر هەیە دەبێتە هەوالی هەموان و لاپەرە یەکی زۆربەی رۆژنامە و مالپەرەکان ...کە چی بۆ دەیان هەواڵی گرنگی ئەم گەلە دەڵێن لە شوێنی تر بلاو بۆتەوە !!!

زۆر سەیرە ڕۆژنامە کانی کوردستان بەتایبەتی ئەوانەی خۆیان پێ ڕۆژنامەو هەوالی پرۆفشیۆنالە ، کە چی ئاستی بیرکردنەوەیان لەو چوار چێوەیە دەخولێتەوە !!؟؟ ئاخر لە هەموو جیهاندا کە روداوی گەورە و گرنگ رودەدات ، هەموو لایەک بە شێوەی تایبەتی خۆی کاری لەسەر دەکات ، کە هەیانە هەواڵەکە وەردەگرێت وهەشیانە کە بەدواچونی بەدوا دەکات یان ئەوەتە شێوازی هەوالەکە ئالوگۆر دەکات ...... کە چی ڕۆژنامەکانی کوردی زۆرینەیان یان لای من یان نییە !!! ئیتر ئەگەر هەواڵەکە چەندە لە خزمەت خە لکی کوردستانیش دا بێت ، بۆیە زۆرینەی ڕۆژنامەکان ئەوەندەی بەدوای ئەو هەوالانەن کە زۆرترین ژمارەی لێبفرۆشیت بەدوای وشە بریقەدارەکانی خۆیان نین ، کە لەسەرەوەی ڕۆژنامەکانیان
دە ینوسن ؟؟ ، ئەوەندە خۆیان رەخنە لە دەسەلات دەگرن خودی خۆشیان بەهەمان ئاستەوە کەمتەرخەم و وە هەندێک جار تاوانبار بونە ؟ .

دوای ئەو کۆنفرانسەی سوێد دیارە وەک نمونەیەکە دەیهێنمەوە ئەوەندەی بەرێکەوت و یان بینیبێتم چی کراوە ، کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی دەسەلات وەک هەوالیش ئاماژەیان پی نەدا ، رۆژنامەی خەبات کە زمان حالی پارتێکی دەسەلاتە توانایەکی گەورەی بۆ خراوەتە بەردەست ، نەهات ، دەیان ڕۆژنامە لە کوردستان دەردەچیت باسیان نەکرد ، خۆمان پەیوەندیان پێ دەکەین کە بیکەنە هەوال دابناگرن ، ئەمە جگە لەوەی هەندێکیشیان بە بەبەرنامە بێت یان نەزانی راستییەکان دەشێوێنن .

نەوزاد عەلی کە پەیامنێری کوردستانی نوێیە ، ئەگەر چی راپۆرتە هەوالێکی درێژی نووسیوە ، بەلام زۆر بەزیرەکانە هەوڵی داوە لە هەندێ شوێندا راستییەکان چەواشە بکات و لایەنە نێگەتیفەکانی پارتەکەی لێ دەربکات و کەم کوریتیە بچوکەکانی نێو کۆنفرانسەکە گە ورە بکات !!!؟؟

بۆ نمونە کە دەلێت پارتی سەنتەری سوێدی هیچ ئاماژەیەکی بەوە نەکرد کە ئەنفال جینۆسایدە !! جگە لەوەی ئێمە بەبەڵگە ناساندنی ئەنفال بە جینۆساید کە بەناوی پارتی سەنتەرەوە بۆمان هاتوە و لەبەردەستمانە وە خودی نوێنەرەکەی ئەم پارتەش کە لە کۆنفرانسەکە بوو وتی : بەپێی پێوەرەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانیش بێت ئەم مەسەلەیە جینۆسایدە ، باشە کاک نەوزاد ئەگەر خۆت وەک ڕۆژنامەنوسێک خوێندنەوەت نەبێت بۆ ئەم دێرە ، ئێمە چیت لێ بکەین !!؟؟

. کاک نەوزاد بێ ئەوەی خوێندنەوەی هەبێت بۆ دانانی جەمەدانی و هە وری کوردەواری لەبەردەم پارتە سوێدیەکان و نوێنەری چاکد ا ، باس لەوە دەکات ئالای کوردستان نەبوو!!؟؟ وە بێ ئەوەی باس لەوە بکات کە 2 دەقەی یەکەم چۆن وێنەی قوربانیانی ئەنفال و مۆسیقاکەی هونەرمەند خالید ڕەشید تاوانی سەدام و گرنگی نەدانی یەکێتی و پارتی بە پاشماوەی قوربانیان نیشانی هەموان درا ، کەچی باسی ئەوە دەکات کە دەقیقەیەک بۆ قوربانیان هەلنەستاوینەتەوە .

برای بەڕیز ئەی بۆ ئاماژەت بەوە نەکرد ، کە هۆی چی بوو یەکێتی و پارتی لەکۆنفرانسەکە ئامادە نەبون !!؟؟ یان ئەو وتە گرنگەی نوێنەری سۆسیال دیموکرات کە وتی : تا ئێستا دەسەڵاتی کوردی ونوێنەرانی پارتی و یەکێتی ئەم مەسەلە یە یان لەگەل باس نەکردوین ، برای شیرنم بۆ وەلامتان نەبوو، خۆ ئەمە کارەساتێکە ئەگەر خەڵک هەست پی بکات ؟؟خۆ کۆمەلێک لە ئەندام و پاشکۆ-ڕێکخراوەکانتان لە نێو هۆلەکە بون بۆ وتەیەکتان نە کرد .

شایەنی باسە لەسەرەتای کەمپینی چاک سوێددا کاک نەوزاد ئامادەیی دەربری کە هاریکاریمان بکات ، وە لی لە بواری پراکتیکدا ئیمزای خۆشی نەخستە سەری .

یان عەبدولڕەزاق عەلی کەکادیرەکی پارتییە بەخۆی و براکەی10 % ڕاگەیاندنی پارتیان داگیر کردوە ، لە بەرنامەیەکی کوردستان تیڤیدا باسی کۆنفرانسەکەی بەگرنگییەوە کرد بۆ ئەوەی لەزاری دەرچیت کە کێ ئەنجامی دەدات؟؟؟. شایەنی باسە سالی 2005 یش لەگەرمەی دەرچونی بریاری دادگای فرانس ڤان ئەنرانت زیاتر لە 3 کاتژمێری راستەوخۆی بەرنامەیەکیدا هەموو هەوڵەکانی بەو ئاراستە برد کە بلێت نوێنەرانی پارتی رۆلیان هەیە ،وە بە وتەیەکیش ئاماژەی بە ماندی بونی چالاکڤانانی چاک نەکرد، کە زیاتر لە سالێک بوو شەو رۆژیان لەسەر یەک دانابوو.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرتیش ئەگەر چی بەردەوام بە یانامەو چالاکییەکانی چاک گرنگی پێدەدات وە تاکە ڕۆژنامەیەک بوو لە گرنگی کۆنفرانسەکە گەیشتبون، بەلام زۆر بەداخەوە ئەمانیش بەبەرنامە بێت یان خەم ساردی ئاماژەیان بە ماندی بونەکانی چاک سوێد نەکرد ، کە 2 جاریش ئاگادار کرانەوە کە پۆزشیک بنووسن کەچی لە بری ئەوە ئەو پۆزشە بەر هەلکەوت تاهیر کەوت چونکە لە گۆشەی زەنگی ڕۆژنامەکەیان ناوی هەڵکەوت زاهیر نوسراوە !!؟؟ .

http://www.pukmedia.com/Kurdistani%20Nwe/8-5-2007/Kurdistani%20Nwe.htm
http://www.kurdistanreport.com/newspaper/2007/05_May/201/kr_01.pdf
http://www.kurdistanreport.com/newspaper/2007/05_May/202/kr_01.pdf